Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, ou=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.08.12 01:26:55 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

## بۆ شەهید محەمەد عەبدولاّ(سۆران)ی نە È

لاوێکی سوکەلاّنە وباریك کەمێ گەنم ڕەنگ لەناوچەی هۆرێن وشێخانی ئەوبەری دەریاچەی (سیروان)ی هەڵەبجەی شەهید هاتوەتەدنیاوە، گریەی لەدایك بوونی ئەو بەبەیە بەو بەیانییە شادی خستە دڵی هەمووانەوە..لەئامێزی خێزانێکی جوتیاری خاك پەروەر هوشیاری گەشەی سەند و هیوای‌ئامانجی گەلێکی ژێردەستە نەمامی بیری پێگەیاندو کەوتەهەنگاونان بەرەو لوتکەی شاخەگەردن کەشەکانی کوردوستانەکەی .. فاشیستە داگیرکەرەکانی بەغدا کەهەردەم کوتەکی داپڵۆسینیان زۆربەی خاك پەروەرانی گرتبووەوە ،ئەویش بێ‌بەش ناکەن لەڕقی دزیویان و لەساڵی ١٩٨١زیندانی دەکەن و ئەشکەنجەی دەدەن.دوای خۆراگرتنێکی بێ وێنە ناچار بەری دەدەن..

لەلقی ١٠حشع لەساڵی ١٩٨٢دەبێتە پێشمەرگە..

کەیەکەم جار لەنیزیکەوە ناسیم لەنێوان ١٩٨٥_١٩٨٧زیاتر زانیم کەچەند چالاك و بەئەمەکە بۆ وولاتەکەی..هەردەم سووربوو لەسەر ئەوەی کە جەماوەر خاوەنی هێزی لەبن نەهاتووە و هیچ هێزێکی تر ناتوانی سەر بەگەلێك دانەوێنێ کەچەندەها ساڵە ژێردەستەیە.. لەبزوتنیدا نسکۆی بۆ داگیرکەران دەخولقاند و شاخەندەی سەرکەوتنی دەخستە سەرلێوی هەژاران..

شەوێکی مانگی خەرمانان لە (شارۆچکەی دەربەندیخان) لەگەل مەفرەیەکی چەند کەسیدا دەکەوێتە بەر دەستڕێژی خۆفرۆشێکەوە،خۆفرۆشێك کەلەترسدا تەقەی کردبوو.. دڵەگەورەکەی هاوڕی سۆران دەپێکرێ و گیانی بەرزایی زەردەو بالاّمبۆ وگولاّن دەگرێتە ئامێز..

بۆ ڕۆژی دوایی باسی شەهیدبوونی ئەوهەلۆیە دەگاتە هاوڕێیان و بنکە وشار و دڵدارەکەی، کە سویندەخوات پەلکی سپی لەباتی جلی بوکێنی زەماوەندی بەڵێنیان بۆ بهۆنێتەوە ..

هاوڕێم !

ئەگەر ئەو شەوە شاریش دەنگی هەبووایە،شاخ ودۆلەکانی ئەو ناوچەیە ،هەموو بستێکی ئەم کوردوستانە ئافەرینیان لێدەکردیت..بەخێرهاتنیان لێدەکردیت..فرمێسکیان وەك دایکێکی کوڕ لەکێوان بۆدەڕشتیت ..

هەموو ساتێ لەهاتنی تۆدا دڵە خورپەی شادی دەیگرتن..دەهاتنە سەر ڕێگەکەت.وەك گڵۆپی شارەخنجیلانەکەی دەربەندیخانت بۆتیان دەڕوانی..گوێڕایەڵی قسەکانت دەبوون..

هاوڕێم !

ئەگەر خۆشەویستێك هەبیت،ئەگەر گوڵێکی هەمیشە گەشاوە هەبێت پێشمەرگەیە و بەس ..تۆی بەڵی تۆ ..هەزارەها هاوڕێ سۆرانە کەمندالاّنی بێ باوك و برا کەدایکانی کوڕ هەڵۆ ئاسا ،کۆس کەوتوو فێری جەژن و شادیدەکەن .. هەرهاوسەنگەرەکانت و دایکانن باشت دەناسن.گلێنەی چاویان (سۆران)ێکی نەمری تێدایە.هەریەك لەئاست تۆ سووربون لە سەر تێکۆشان دایدەگرێ..پڕ بەوئەشقە ڕاستەقینەت تۆیان لەیادە..

هاوسەنگەرت

ئارام هەورامی_١٩٨٧سورەزەلەکە_ناوچەی قەرەداغ